www.kurdistannet.org
23:19 10-4-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کاک (مەریوان قانیع) ڕانە سپێردراوە، وەڵامێک بۆ کاک نەسرەدین ... نالی پێنجوێنی

سویسرا

لە ژمارە ی 360 ی هە فتە نامە ی یە کگرتوودا بە ڕێزکاک نە سرە دین، بابە تێکی لە سە ر بابە تە کە ی بە ڕێز کاک (مە ریوان وریا قانیع)، بە ناونیشانی (دین و قیرە قیر)، کە لە ژمارە 55 ی هە فتە نامە ی ئاوێنە دا بڵاو کراوە تە وە نووسیوە. بێگومان بۆ ڕە خنە گرتن لە هە ر نووسە رو ڕۆشنبیرێك پێویستە ڕە خنە گر بە فیکرو نووسین و بۆچونە کانی ڕە خنە لێگیراو ئاشنا بێت، تا دوور بێت لە هە ڵە و ڕە خنە کانی بنیاتنە رو ڕاست و دروستبن.

بە داخە وە بە خوێندنە وە ی بابە تە کە ی کاك نە سرە دین گومانی ئە وە م بۆ دروستبوو کە بە ڕێزیان لە نووسینە کانی کا ك مە ریوان بێئاگان، بە تایبە ت لە کتێبی (دە ربارە ی فە لسە فە و ئیسلام و ڕۆشنگە ری) .

ئە مڕۆ هە ر کە س تە ماشای ناوە ندی ڕۆشنبیری کوردی بکات دە زانێ کە تووشی چ قە یرانێك هاتووە، ململانێی ئایدۆلۆژ ی و حیزبی ڕۆڵێکی گرنگ و سە رە کی دە بینن لە و ناوە ندە دا، بە تایبە ت تێڕوانینێکی هە ڵە و دوور لە زانستی و لێوانلێو لە بوغزو کینە و بڕیاری پێشوە خت و کە م تفاقی مە عریفی دە ربارە ی ئیسلام و شارستانێتی ئیسلامی باڵی بە سە ر ئە و ناوە ندە دا کێشاوە، {ئە وە جێی سە رسوڕمانە کە ئە مڕۆ تێگە یشتنێکی سوك و پڕ لە هە ڵە باڵی بە سە ر ناوە ندی ڕۆشنبیری کوردیدا کێشاوە دە ربارە ی ئاین} 1.

گە ر عە لمانییە تی ڕۆژئاوا یە کێك لە بنە ما سە رە کییە کانی دروستبوونی ئە وە بێت کە بێلایە نانە مامە ڵە لە گە ڵ دین بکا و کاروبوری دین و دە وڵە ت لێکجیابکاتە وە، بێگومان ئە مڕۆ سێکۆلاریزمی ڕۆژئاوا بە ئایدۆلۆژیە کی توندڕە وانە ی مە سیحیە ت بارگاوی بووە و بێلایە نی خۆ ی بە رامبە ر بە دین لە دە ستداوە، بە تایبە ت لە مامە ڵە و هە ڵوێستی بە رامبە ر ئیسلام و شارستانێتی ئیسلامی. جۆن ئە سپۆزیتۆ دە ڵێت (ئە مڕۆ عە لمانییە تی ڕۆژئاوا تێڕوانینی بێلایە نانە ی بۆ دین لە دە ستداوە بە تایبە ت بە رامبە ر بە ئیسلام) 2.

گومانی تێدا نییە زۆرێك لە نووسە ران و ڕۆشنبیرانی کورد عە لمانیە تیان کردۆتە هۆکارێك بۆ لێدان و پە کخستنی ڕۆڵی ئیسلام و فیکری ئیسلامی لە کۆمە ڵگە دا، شاڵاوی فیکری کۆمۆنیزمی سە دە ی رابردوو ئێستە ش بە داڵانە کانی زە ین و ڕۆحی زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی ئێمە دا گوزە ر دە کا و تێگە یشتنی ئە و ناوە ندە ی بۆ ئاین تاریك و پڕ هە ڵە کردووە، بۆیە هە ڵوێستی زۆرێك لە ڕۆشنبیران و هە ندێ کە س و لایە نی نێو دە سە ڵاتی بە ناو (سێکۆلاریزمی) کوردی زۆر توندڕە وانە ترە لە سێکۆلاریزمی ڕۆژئاوا. بگرە هە موو هە وڵە کانیان لە چوارچێوە ی دژایە تی کردنی ئیسلام و شارستانێتی ئیسلامیدا دە خولێتە وە!. لە ولاشە وە کۆمە ڵێك بە شارستانێتی ڕۆژئاوا بە شە وارە کە وتوون و بە هە مان تێڕوانینی ڕۆژئاوا بۆ ئاینی مە سیحیە ت لە ئیسلام دە ڕوانن، وادە زانن هە موو ڕیشسوورێك هە مزە ئاغایە!.

بێئاگا لە وە ی کە جیاوازیە کی بنە ڕە تی لە نێوان ئیسلام و دینی مە سیحیە تدا هە یە و هیچ کات تێڕوانینی عیلمانیانە ی

ڕۆژئاواش بۆ مە سیحیە ت لە گە ڵ ئیسلامدا ناگونجێت، سێکۆلاریزمی ڕۆژئاواش بە ڕهە می ڕۆژە تاریکە کانی دە سە ڵاتی کە نیسە ن لە ڕۆژئاوا!. جگە لە وە ش پە تای لاساییکردنە و چاولێکە ری نە خۆشیە کیتری ئە و ناوە ندە یە، {هە ندێك بۆیە وە ی پێیان بگوترێت (شارستانی) (مۆدێرن) دژی ئیسلام و شارستانیە تە کانی خۆرهە ڵاتن دژ بە هە موو مێژوو کلتوری ناوچە کە دە وەستنە وە }3.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە گە ڵ ئە وە شدا نابێ لە وە بێئاگابین هە ندێ نووسە رو ڕۆشنبیر کە بە داخە وە ژمارە یان لە پە نجە کانی دە ست تێناپە ڕن و کاك مە ریوانیش یە کێکە لە وانە، لە و ناوە ندە دا هە ن، هە وڵ بۆ بە دیهێنانی سیستە مێکی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافە کانی مرۆڤ دە دە ن و ڕووبە ڕوو ی دیاردە دزێوو ناشیرینە کانی کۆمە ڵگا دە بنە وە، کە هە ندێ جار لە بە رگێکی ئاینیدا پێشاندراون، ئە وە ش نابێ وە ك دژایە تی ئیسلام و حە ز پێنە کردنی تە ماشا بکرێت، چونکە ئە مرۆ هە ندێ تە عالیم و دیاردە ی ئیسلامی بە شێوە یە کی دوور لە ڕوح و جە وهە ری دین مومارە سە دە کرێن و شێوازو میکانیزمی بە ڕێوە بردنیان لە گە ڵ فە لسە فە و حیکمە تی دیندا یە کناگرێتە وە و بوونە تە چە ند تقوسێکی بێگیان.

بێگێمان ئە مە ش مانای ئە وە نییە کە ئە و ڕۆشنبیرو نووسە رانە بۆ چوون و نووسینە کانیان لە بارە ی ئیسلامە وە جێی تێبینی و ڕە خنە لێگرتن نین.

ئێستە ش بە خێرایی چە ند تێبینیە ك لە سە ر بابە تە کە ی کاك نە سرە دین دە خە مە ڕوو.

1- بە ڕێزیان لە هە ڵبژاردنی ناوی بابە تە کە یدا نە ییپێکاوە و موە فە ق نە بووە، چونکە ئە و کە دە ڵێت کاك مە ریوان ڕاسپێردراوە، ئە و دە ستە واژە یە ی زیاتر لە تۆمە تە وە نزیکە تاکو ڕە خنە گرتن.

2- کاك نە سرە دین زۆر بە عمومیات قسە ی کردووە، نازانم پشتی بە کام بە ڵگە بە ستووە کە دە ڵێت: (خۆ زۆر ئاشکرایە کاك مە ریوان و هاو وێنە کانی نە ك حە ز بە وە ناکە ن کە مزگە وت دە وری خۆی ببینێ و لایە نی ڕۆحی بگێڕێتە وە بۆ خە ڵك، بە ڵکو مزگە وت بە زیادیش دە زانن، دە مێ ساڵە بە تە مان قورئانە کان بە پشتی حوشترێك بنێرنە وە عە رە بستان، بۆ ئە وە ی کە ری کورد هیلاك نە بێ) .

بە ڕێزی لە کام سە رچاوە و کتێبدا ئە و قسە ی کاك مە ریوانی هێناوە؟.

هە ر لە و کتێبە ی کاك مە ریواندا (دە ربارە ی فە لسە فە و ئیسلام و ڕۆشنگە ری) کە لە وە لامی یە کێك لە وانە ی کاك

نە سرە دین باسیان دە کات نووسراوە، دە یان بە ڵگە ی تێدایە کە ئە و قسە ی کاك نە سرە دین ڕە تدە کە نە وە، بۆنمونە

لە لاپە ڕە 68 دا دە ڵێت: (کردنی ئیسلام بە داگیرکە ر مانای کردنی هە موو خوێندە وارانی مێژووی ئێمە یە بە نۆکە ری داگیرکە ران، لە بابە تاهیری هە مە دانیە وە تا سە ر مە لا عە بدول کە ریمی مودە ریس، بە تێپە ڕین بە و هە زاران

هە زار مە لاو فە قێ و زانا ئاینیانە دا کە مێژووی ڕوحی و فیکری وکولتوری ئێمە لە ڕە وتی گە شە کردنی خۆیدا بە رهە میهێناون) . کاك مە ریوان هە ڵگری ئە و جۆرە بۆچوونانە ی بە کۆڵکە خوێندە وار داوە تە قە ڵە م نە ك خۆی وابیربکاتە وە.

3- نازانم باسکردنی ئە و گرفت و دە ردە ڕۆحیانە ی کۆمە ڵگە لە لایە ن کاك مە ریوانە وە بۆ بە هە ڵڕشتنی فرمێسکی تیمساحی لێکبدرێتە وە!؟. کاك نە سرە دین دە ڵێت کاك مە ریوان باس لە و گرفتانە دە کا ت و کە چی لە ولاشە وە ئە و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تە لە فیزۆنانە ی کە پڕن لە قسە ی مە لاکان بە مە ترسیدار دە زانێت. پێویستە کاك نە سرە دین ئە و پرسیارە ی ئاراستە ی کاك مە ریوان بکردایە ئە گە ر ئە مرۆ سۆلسۆلە ی ئە و مزگە وت و دە زگاو مامۆستایانە نە بێت

بە کام کۆڕی عیرفانی تە رزی ڕۆحی ئێمە ئاوبدرێت؟، یان ئە بێ ڕێگا چارە کان کامانە بن بۆ چارە سە ری ئە و گرفتە؟

تا بە هە موو لا وتووێژی لە بارە وە بکە ین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

4- کاك نه سره دین ده ڵێت بۆ کاك مه ریوان باسی ساده ترین مافه کانی مرۆڤی کورد ناکات له کاره با و... من پێم وایه کاك مه ریوان له چه ند ساڵی ڕابردوودا زۆر ڕاشکاوانه و جه سورانه باسی له و کێشه و گرفتانگه کردووه، له زۆر ڕووه وه که مته رخه می و گه نده ڵیه کانی ده سه ڵاتی خستۆته ڕوو، تائێستا قه ڵه مه که ی هه رزانفرۆش نه کردووه و ده سته مۆی ده سه ڵاتداران نه بووه، بۆیه ئه و ڕه خنه ی کاك نه سره دین به بێئینسافی یان بێئاگایی تێده گه م.
5- له کۆتایدا ده ڵیم جه لاله دینی ڕۆمی ده ڵێت حه قیقه ت ئاوێنه یه ك بوو که وته خواره وه و شکا، هه رکه سه و پارچه یه کی ئه و ئاوێنه ی لایه و واده زانێ حه قیقه تی موتڵه ق لای ئه وه. بۆ پێکه وه نان و کامڵکردنی ئه و حه قیقه ته ش پێویسته دایه لۆگ و وتوێژی جدی و ڕاشکاوانه له نێوه ندی ڕۆشنبیری کوردیدا بکرێت.
تێبینییه کان:
1- سه ردار عه زیز، ئاوێنه ژماره 7، لاپه ڕه ی 12.
2- جۆن ئه سپۆزیتۆ، ئایا چه نگی ڕۆشنبیرییه؟، ئینته رنێت.
3- فاروق ڕه فیق، ماڵێکی لێك ترازاو لاپه ڕه 23.
ئه م بابه ته له ژماره 634 ی هه فته نامه ی یه کگرتوودا بلاوکراوه ته وه.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.